**Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê**
*Kurdistan National Congress*
**Congrès National du Kurdistan**

KNK

**Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 fax: 00 32 2 647 68 49**
**Homepage:** www.kongrakurdistan.net **e-mail:** kongrakurdistan@gmail.com

# دەنگی خۆتان دژ بە بۆمبارانی دەوڵەتی تورک لە سەر کوردستان هەڵبڕن!

ماوەیەکە فڕۆکەجەنگیەکانی دەوڵەتی تورک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر بۆمبارانی خاکی کوردستان دەکەن. لە شەمدینانەوە هەتا زاخۆ، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان دهۆک و هەکاری، بووە بە ئامانجی هێرشەکان. لە ماوەی ساڵێکدا لەم ناوچە بەرفراوانەدا، هەر لە دەوروبەری ڕووباری زێ ەوە (زاب) هەتا ناو سنوورەکانی پاراستنی مێدیا، دەوڵەتی تورک بۆمبارانکردنی وێرانکەرانە و کۆمەڵکوژیانەی دەست پێ کردووە. لەو ماوەیەدا بەتایبەتیی ئەوگوندانەی لە دەوروبەر و نێزیکی ڕووباری زێ دان بە خۆیان و ماڵ و موڵکیانەوە بوون بە قوربانیی ئەم بۆردومانانە و تا ئێستا 20 کەسێکی سڤیل گیانیان لە دەست داوە. هاوکات دەوڵەتی تورک بە بەردەوامیی مۆڵگای سپا لە خەتی زاخۆ-دهۆک هەتا ئامێدی دادەمەزرێنێت و ئەوانیش درێژە بە هێرش لە سەر خەڵک و بە داگیرکاریی خۆیان دەدەن.

لە هەرە ئەم دووایيانەدا ناوچەکانی دێرەلووک، ڕەشاوا و شێلادزێ کەوتنە بەر ئەم بۆمبباراندنانەی تورکیا و دوو کەس لە خەڵکی گوندی ئێتوت گیانیان لە دەست دا. دەوڵەتی تورک ئەم ناوچانەی بۆ خۆی کردووە بە مەیدانی تاقیکردنەوەی چەک و بۆمبا و هاوکاتیش کوشتن و بڕین و ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی کوردستان. پاش دوا هێرشی دڕندانەی دەوڵەتی تورک خەڵکی ئەم دەڤەرە نارەزایبوونێکی گەورەیان لە شێوەی ڕاپەڕینێکدا دەربڕی و مۆڵگایەکی سپای تورکیان لە ناوچەی سیرێ گەمارۆدا و سووتاند. خەڵکی ئەم دەڤەرە بە دەنگێکی بڵند هاوار دەکەن کە نایانەوێت مۆڵگای هیچ دەوڵەتێکی داگیرکار لەوێ هەبێت و دەیانەوێت بار بکەن بڕۆن. بەڵام دەوڵەتی تورک بۆ پاراستنی هەبوونی خۆی لە کوردستان هاوکاریی زیاتری سەربازیی ڕەوانە کردووە و بە هەلیکۆپتەر هێزی تایبەتیی ناردووە و فڕۆکەجەنگیەکانیان بە نزمیی بە سەر ناوچەکەدا دەفڕن، بەم شێوەیە دەیانەوێت چاوی گەل بترسێنن.
هێرشی دڕندەییانەی دەوڵەتی تورک لە سەر ئەم دەڤەرانە بە هیچ شێوەیەک قابیکی قبوڵکردن نیین و داوای خەڵکی ناوچەکە بۆ ئاشتیی و ئازادیی و بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو مۆڵگا داگیرکەریانە نەمێنن، دروست و ڕەوایە.
دەوڵەتی تورک بەم هێرشانە مافی یاسایی دەوڵەتی ئێراقی فیدراڵ پێشێل دەکات. ئەو ناوچانە بەشێکی یاسایی سنووری "هەرێمی کوردستان" ن کە ئەویش بەشێکە لە ئێستای ئێراقی فیدراڵ. هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم حکومەتی ئێراقی فیدراڵ دەبێت و ئەرکی سەرشانیانە بەرامبەر بەم هێرشە داگیرکەرییە دڕندانەییەی تورکیا مافی یاسایی خۆیان بپارێزن و دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بڵند بکەن.
داواکاریی ئێمە، بەتایبەتیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە ئەم هێرشانەی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ستاتوی حوکمڕانیی خۆی و دەوڵەتی ئێراقی فیدڕاڵدا لە ناوخۆ و لە بەغداد مەحکوم بکەن و گۆتوبێژیان لە سەر بکەن و داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) بکەن کە هۆشدارکردنەوە و ئاگاداریەکی توند بە دەوڵەتی تورک بدەن کە دەست لەم هێرشانە هەڵبگرێت.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئەم هێرش و بۆمبارانکردنانەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر کوردستان شەرمەزار دەکات و داوای هەرچی زووتری کۆتاییهێنان بە سیاسەتی داگیرکەریی دەکات. هەروەها بانگ لە هەموو بەرپرسیارانی سیاسیی و مەدەنیی لە سەرانسەری کوردستان دەکات کە دژی ئەم هێرشانە بووەستن، کە دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و بە ڕوونیی و ئاشکرا نارەزایەتیی خۆیان بە دونیا بگەیەنن.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان هەروەها سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ئەم دەڤەرانە دەکات و هیوای زوو چاکبوونەوە و تەندروستیی بۆ بریندااران دەخوازێت.
هەموو کوردێکی دڵسۆز بە خاک و نیشتیمان و خەڵکی خۆی دەبێت خاوەن لە داواکاریی ڕەوای ئەم دەڤەرەی کوردستان دەربکەون و بە هەر شێوەیەک دەتوانن ببن بە بەشێک لە داوا و ڕەنگ و دەنگی ئەوان. بە دڵنیاییەوە سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستانە.

کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان/ ک ن ک
2019/1/27